# وەرزشکاران لە پشتگیری کردنی پێشمەرگە بەردەوامن



لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا بەشێکی شارەکانی ناوچە جێناکۆکانی کوردستان لە ژێر چنگی چەکدارانی تیرۆرستی داعش دەرهێنراون، بەڵام ژمارەیەك لە گوندەکانیش ماون رزگار بکرێن رۆژ بە رۆژیش پشتیوانی کردن لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان درێژەی هەیە و هاووڵاتیانی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانەوە بەرەو سەنگەرەکانی بەرگری دەچن لە بەرەکانی جەنگ لە دژی تیرۆرستان چینی وەرزشکارانیش تا دێت پشتگیرییەکانیان زیاتردەکەن بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان.








**دانا جومعە سەرۆكی لقی هەولێری یەكێتیی لەشجوانیی هەولێر گوتی:** ئێمە وەكو وەرزشكارانی لەش جوانی لە شاری هەولێر دەتوانین هەموو كات بەرگری لە خاكی پیرۆزی كوردستان بكەن و شان بە شانی پیشمەرگە قارەمانەكانی كوردستان ئامادەین چەك هەڵگرین و بچینە بەرەكانی پێشەوەی بەرگری لە خاكی پیرۆزی كوردستان.



**محەمەد حمە خان سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی بروسك گوتی:** خزمەت كردنی پێشمەرگەكانی كوردستان ئەركێكی نیشتمانی و ئاینی و نەتەوەییە، ئێمەش وەكو وەرزشكاران لە یانەی بروسك ئامادەین هەمووكات بەرگری لە خاكی پیرۆزی كوردستان بكەین، هەر چەندە تاكو ئێستا بەفەرمی بە ئێمەیان رانەگەیاندووە كە بچینە بەرەكانی جەنگ، بەڵام ئێمە هەموو كات ئامادەیی خۆمان نیشانداوە بۆئەوەی پاڵپشتی پێشمەرگەی كوردستان بین لە هەموو سەنگەرەكانی بەرگری لە هەرێمی كوردستان، هیچ كات رێگە نادەین دەستی ڕەشی تیرۆرستان لەسەر بستێك لە خاكی كوردستان نزیك بێتەوە، دەتوانین بەهەموو شێوازێك پشتگیری لە كوردستان بكەین و پێشمەرگەش زامنی مافەكانی ئێمەیە.



**ئەرسەلان قادر ناوبژیوانی نێودەوڵەتی تۆپی پێی گوتی:**
ئێمە وەکو وەرزشکارانی شاری هەولێر هەموو کات ئامادەین بۆ بەرگری کردن لە کوردستان، ئێمە خۆمان ئامادە کردووە بچینە بەرەکانی جەنگ هەر کاتێك پێویست بکات، سەرو ماڵمان لە پێناوی خاکی پیرۆزی کوردستان بەخت دەکەین، هەر کاتێك داوامان لێ بکەن ئامادەین خوێنی خۆمان پێشکەشی کوردستان بکەین، بۆ پشتیگری کردن لە کوردستان وپێشمەرگەش هەڵمەتی خوێن بەخشینمان ئەنجامداوە.





**شۆڕشڤان نامیق ناوبژیوانی نێودەڵەتی لە یاری باسکە لە وڵاتی بەریتانیاوە گوتی:** ئێمە هەمووکات لە خزمەتین بۆ بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزی هەرێمی کوردستان، هیچ کات سڵ ناکەینەوە لە بستێك خاکی هەرێمی کوردستان، هەرکاتێکیش هەرێمی کوردستان پێویستی بە ئێمە بێت دەگەڕێینەوەو دەچینە بەرەکانی جەنگ، لە وڵاتی بەریتانیاش سەبارەت بە هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان ئێمە وەکو رەوەندی کورد گردبوونەوەمان ئەنجامداوە لە دژی هێرشەکانی داعش و هەمووکات ئامادەین بۆ خزمەت کردنی هەرێمی کوردستانی خۆشەویست، وەرزشکارانیش چینێکی گرنگی کۆمەڵگەن و دەتوانن بچنە بەرەکانی بەرگری لە کوردستان.





**سیروان جەبار ڕاهێنەری لاوانی پێشمەرگەی سلێمانی گوتی:** من هەموو کاتێك وەکو وەرزشـــکارێکی شاری هەڵەبجـــە ئامادەم لە پێناو کوردســـتان بەرگری بکەم، پاراســـتنی خاکی کوردســـتان ئەرکی هەموو تاکێکی کوردە کە بەرگری لە کوردســـتان بکات، منیش وەکو وەرزشـــکارێك ئامادەم خوێنی خۆم بەخت بکەم، هەموو کاتێکیش ئامادەم بچمە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ، بۆ هەر هێرشێکی نەخوازراو بۆ سەر خاکەکەمان، پاراستنی خاکیش ئەرکی هەموو هاووڵاتییەکی کوردستانە.



**عبدالکەریم هاشـــم یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی هەڵبـــژاردەی عێراق گوتی:** وەکـــو یاریزانێك ئامادەم هەموو کاتێـــك بەرگری لە خاکی پیـــرۆزی خۆمان بکەین، هاوکاریی بـــرا پێشمەرگەکانیشـــمان دەکەین لەبەرەکانی جەنگ، منیش وەکو یاریزانێك بە خۆبەخش ناوم تۆمارکردووە بۆ ئـــەوەی بچمە بەرەکانی جەنگ و بەرگری لە کوردســـتان بکەم، چینی وەرزشکارانیش چینێکـــی کاران و هەموومـــان بەیەکـــەوە خزمەتی پێشمەرگە بکەین و ئامادەین بچینە بەرەکانی جەنگ و خزمەتی خاکی پیرۆزی کوردستان بکەین.



**گەشـــە دارا یاریزانی گۆڕەپـــان و مەیدان لە یانەی ســـۆران گوتی:** خزمـــەت کردنی پێشـــمەرگە ئەرکێکی سەرشـــانی هەمووماناە، ئێمەش خزمەتی کوردستان دەکەین بە هاوکاری کردنی برا پێشمەرگەکانی کوردستان، هەرکاتێك پێشمەرگە لە هەر شوێنێکی کوردستان پێویستی بە ئێمە بێت بچینە بەرەکانی جەنگ، خزمەت کردنی پێشـــمەرگەکانی کوردســـتان پیرۆزترین ئەرکە، داوا لە هەموو وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکەین بۆ خزمەت کردنی پێشمەرگە و بچینە بەرەکانی بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردســـتان، شانازییەکی گەورەیە بچینە بەرەکانی جەنگ.



**سۆنیا تەها کچە یاریزانی تیپی شەترەنجی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی گوتی:** من وەکو کچە یاریزانێك بە شانازی لە خزمەتی خاك و وڵاتەکەمم هەر کاتێك پێویست بکات ئامادەین بۆخزمەت کردن، ڕەنگە من نەتوانم بچمە بەرەکانی جەنگ، بەڵام ئامادەم هەموو هاوکارییەکی برا پێشمەرگەکانی خۆمان بکەین لە سەنگەری بەرگری لە کوردستانی خۆشەویست و نەهێڵین هیچ دەستێکی ڕەش خاکمان داگیر بکات.




**کەیوان محەمەد یاریزانی یانەی ئارارات لەم بارەیەوە گوتی:** بە دڵ و بەگیان ئامادەم ئێستا بچمە بەرەکانی جەنگ و خزمەتی برا پێشمەرگەکانمان بکەین، هەرچەندە تاکو ئێستا بەفەرمی بە ئێمەیان ڕانەگەیاندووە، بەڵام لە داهاتوودا ئەگەر پێویست بکات دەمێنینەوە لە جەنگ و خزمەتی برا پێشمەرگەکانمان دەکەین.



**هەردی محەمەد یاریزانی تیپی سەرمێزی یانەی سلێمانی گوتی:** من وەکو کوڕە یاریزانێکی شاری سلێمانی ئامادەم بچمە بەرەکانی جەنگ و شانازی بە پێشمەرگە بوونەوە دەکەم، هەموو کاتێکیش ئێمە پێشمەرگەین بۆ پاراستنی کوردستان و شەڕ بکەین لەسەر بستێکی خاکەکەمان، خوێنمان داوە بە بریندارەکانی سەنگەری بەرگری، خزمەت کردنی برا پێشمەرگەکانمان بە هەر جۆرێك بێت من بەخزمەتی مەزنی دەزانم و پێویستە هەموو لایەك پشتگیریی پێشمەرگە بکەین دەچینە بەرەکانی جەنگ .





**ئەحمەد شـــەهاب یاریزانی تیپی باڵەی یانەی هەولێر گوتی:** من وەکو یاریزانێك و مامۆســـتایەك هەمووکات ئامادەم بچمە پێشـــەوەی بەرەکانـــی جەنگ و خزمەتی پێشـــمەرگە قارەمانەکانی کوردســـتان بکـــەم، خزمەت کردنی پێشمەرگە بەپیرۆزترین ئەرکی کوردایەتی دەزانم، هەرکاتێك لە هەر شـــوێنێکی کوردســـتان پێویستیان بە تواناکانی من بێت ئامادەم خوێنم بۆ کوردســـتان برێژم و خۆم بۆ کوردستان بەخت بکەم.



**سەڵاح حەســـەن خەسرۆ سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:** ئێمە وەکو وەرزشکاران هەموو کات ئامادەیـــی ئەوەمان تێدایە بۆ ئەوەی بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردســـتان بکەین، گوتیشی: هەر کات داوامـــان لێ بکەن ئێمە ئامادەین بچینە بەرگری لە خاکی پیرۆزی هەرێمی کوردســـتان بکەین، بەڵام ئێمە نامانەوێ ببینە ئەرك لەســـەر پێشـــمەرگە، بەڵام هـــەرکات لایەنی پەیوەنیـــدار داوامان بکەن ئێمە ئامادەیـــن بچینە بەرەکانی جەنگ شان بەشانی برا پێشمەرگەکانی کوردستان خزمەت بکەین.



# سڵاوی وەرزشوانان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان

بەسەرفرازی شانبەشانی گەلانی دیکەی ناوچەکەو جیهان ژیانێکی ئاسوودە بەسەربەرێت، بەڵام گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو هەوڵی ئەوەی داوە کە ژیانێکی بەختەوەر وئاشتیانە هەڵبژێرێت و ناحەزان و دوژمنانی گەلەکەمان لەدێر زەمانەوە لەهەوڵی ئەوەدان رێگا بەکورد نەدەن بەئاسوودەیی بژیت، گەلی کورد ژیانی خۆش دەوێت و لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، مرۆڤی لێهاتوو و بلیمەتی هەبووە بۆیە گەلەکەمان خاوەن کلتوورێکی زیندووە، ئەگەر ئاورێك لەمێژوو بدەینەوە پاڵەوان و زانای ئایینی و شاعیر و هونەرمەند دەبینین، وەرزشیش یەکێکە لەو بوارانەی کە گەلی کورد شەیدای بوون، بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، ژمارەی هاندەرانی وەرزشیش لەهەرێمی کوردستان رادەبەدەرە، پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانیش زۆربەیان وەرزشوانن یان شەیدای وەرزشن .

لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشەکانی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر سەروەریی هەرێمی کوردستان و بەرگریی شێرانەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، سەرجەم گەلی کوردستان بە دروشمی هەموومان پێشمەرگەین پاڵپشتیی خۆیان بۆ هێزی پێشمەرگە دووپاتکردەوە، وەرزشوانیش بەهەمان شێوەی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستان پشتگیریی خۆیان بۆ هێزی پێشمەرگە دووپاتکردەوە و ئامادەیی خۆیان نیشاندا خۆبەخشانە بچنە بەرەکانی جەنگ و شانبەشانی برا پێشمەرگەکان بەرگری لەخاکی پیرۆزی کوردستان بکەن، وەرزشوانان ئەو راستییە دەزانن کە بزاڤی وەرزشی بۆ ئەوەی بەرەو پێش بچێت پێویستی بەژیانێکی ئارام و بەختەوەر هەیە، بۆیە ئەگەر وڵاتێك لەژێر هەڕەشەدا بێت ئەوە وەرزش وەك بوارەکانی دیکەی ژیان کاریگەر دەبێت، وەرزشوانانی کوردستان بەشانازییەوە سەیری داستانە بێ وێنەکانی هێزی پێشمەرگە دەکەن لە راوەدوونانی تاقمە تیرۆرستەکەی داعش، چونکە ئەو داستانانە ئەوەی بۆ جیهان سەلماند کەگەلی کورد بە بازووی رۆڵەکانی بەرگری لە وڵاتەکەی خۆی دەکات و جارێکی دیکە رێگا بە دوژمنان نادەن مافی ئازادیی ژیان لەگەلی کورد وەرگرنەوە .

لەم قۆناغەدا وەرزشوانانی کوردستان سەرەڕای پشتگیریی تەواو لە هێزی پێشمەرگە پێویستە لەکاتی بەشداریکردن لەپاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکان بە روح و فیداکاری پێشمەرگە بەشداری بکەن و هەوڵی ئەوە بدەن ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەرز بکەنەوە چۆن پێشمەرگە بەگیان و خوێنی خۆی ئەم ئاڵا پیرۆزە دەپارێزن، پێشمەرگە لەبەرەکانی جەنگەوە بەردەوام ئاگاداری هەواڵی وەرزشین چ لەسەر ئاستی کوردستان وەك نموونەیەك یارییەکەی یانەی هەولێر لەجامی یەکێتیی ئاسیا یان هەواڵی جیهانی وەك بەدواچوونی هەواڵی یانەکانی ریال مەدرید و بەرشلۆنە .

وەرزشوانانی کوردستان جوانترین سڵاو دەنێرن بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەوانەی کە خاك و نیشتمان لەبەرامبەر دوژمنان دەپارێزن و دووپاتیدەکەنەوە کە ئامادەن خۆبەخشانە بچنە بەرەکانی جەنگ و پشتگیری لە پێشمەرگە بکەن .





## لە جامی یەکێتی ئاسیادا..

# هەولێر دیارییەکی گەورەی پێشکەش بە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کرد

ڕێبین ڕەمزی - ڤێتنام

لە چوارچێوەی یارییەکانی قۆناغی هەشتەمی جامی یەکێتیی ئاسیا بۆ تۆپی پێ، یانەی هەولێر لە وڵاتی ڤێتنام ڕووبەڕووی یانەی تی تی هانۆی ڤێتنامی بووەوە، لەم یارییەدا هەولێرییەکان توانییان سەرکەوتن تۆمار بکەن و یارییەکە بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ ببەنەوە، گۆڵەکەش لە ڕێگەی یاریزان ئەمجەد ڕازی تۆمار کرا.

دەستەی کارگێڕیی یانەکە ئەم سەرکەوتنەی کردە دیاری بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و جەختیان لەوە کردەوە، کە ڕۆڵی یاریزانانی یانەی هەولێر لە گەیاندنی ناوی کوردستان و دڵخۆشکردنی خەڵکی کوردستان زۆر گرنگە بۆیە بە بایەخەوە گشت یارییەکان ئەنجام دەدەن.

وا بڕیارە سبەی سێشەممە یانەی هەولێر لە یاریی هاتنی پاڵەوانێتییەکە ڕووبەڕووی یانەی هانۆی ببێتەوە، کە یارییەکە لە یاریگەی سەیدا لە لوبنان ئەنجام دەدرێت.

هەر لە درێژەی یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتییە یانەی گیتچی لە هۆنگ کۆنگ سەرکەوتنێکی گەورەی لە دەرەوەی یاریگەی خۆی تۆمار کرد و بە ئەنجامی (٤-٢) گۆڵ لە یانەی ڤینتسیهی ڤێتنامی بردەوە، بەم سەرکەوتنەش یانەی کیتچی نزیکە لەسەرکەوتن بۆ چوار گۆشەی زێڕین، هەروەها یانەی کوەیتی کوەیتی لە نێو یاریگەی خۆیدا سەرکەوتنێکی زەحمەتی تۆمار کرد و بە ئەنجامی (٣-٢) گۆڵ لە یانەی ئەریمای ئەندەنووسی بردەوە و هەردوو یانەی قادسیەی کوەیتی و حەدی بەحرێنی بە ئەنجامی (١-١) گۆڵ بەرانبەر بوون.

وا بڕیارە یارییەکانی چوونی ئەم پاڵەوانێتییە سبەی سێشەممە ئەنجام بدرێت.

